پاپای ڤاتیکان بە توندی ڕەخنەی لە ئیدارەی ترەمپ گرت لەسەر دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵی کۆچبەران

پاپا فرانسیس، پاپای ڤاتیکان بە توندی ڕەخنەی لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا گرت لەسەر دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵی کۆچبەران لەو وڵاتەداو و هەشداریدەدات کە ئەو کارە بە "بە خراپی کۆتایی دێت".

پاپا فرانسیس، ئەمە سەشەممە هەشداریدا بە حکومەتی ئەمریکا و دەڵێت، "بەرنامەیەک کە بە زەر خەڵک دیپۆرت بکاتەوە تەنها بەهۆی نایاساییەوە، کەرامەتی سروشتی خەیان لە زەوت دەکات و بە خراپی کۆتایی دێت".

ئەم هەنگاوەی پاپا فرانسیس لە ژەر ڕۆشنایی سیاسەتی ئەمریکا دژ بە کۆچبەراندا هات کە لە نامەیەکدا بە قەشەکانی ئەمریکا، ڕەخنەی لە دەرکردنی بە زەرە ملەی کۆچبەران گرت و باس لەوەکردوە ئەو هەنگاوە "زیان بە گروپە هەرە لاوازەکان دەگەیەنێت".

فرانسیس، یەکەم پاپای ئەمریکای لاتینە لە مەژودا، کە گرنگیدانی بە کۆچبەران کردە لە پەشینەی کارەکانی و داوای لە وڵاتان کرد پەشوازی لەو کەسانە بکەن کە لە ململانەکان، هەژاری و کارەساتەکانی کەشوهەوا هەڵدەن، بیانپارەزن و یەکخستنەوەیان لەگەڵدا بکەن.

پاپا وتیشی، "چاوەڕوان دەکرێت حکومەتەکان بە باشترین شێوە ئەم کارە بکەن".